بەم زوانە شارەکانی هەرێم دەبنە شاری تارمایی
شارەکانی هەرێم رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو فراوانبوون دەچن و ژمارەی یەکەی نیشتەجێبوون و باڵەخانەکان وەک گژتاوی بوورکانەکان هەڵئەچێت و بازاڕی دروستکردنی یەکەی نیشتە جێبوون وباڵاخانەکان جمەی دێت. کار گەیشتۆتە ئەوەی هەر پانتاییەک بەدی بکرێت لە هەر کووچەو کۆڵانێک و چواردەوەری شاردا یەکسەر لەلایەن دەستەڵاداران و وەبەرهێنەرەکانیانەوە بەخۆیان و سەرماییەکانیانەوە نەخشیەکی بیناسازی پێشتر ئامادەکراو دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم کردە سەرشێتانانە جگە لە پرسی قازانج و کەڵەکەبوونی سەرمایە، هیچ پرسێکی دیکەی وەک پرسی ژینگەیی و تەندروستی و کێشەکانی خزمەتگوزاری و رەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان وسەرچاوەکانی ئابووری و گواستنەوە و ئاسانکاری کۆمەڵایەتی و شوێنی کاتبەسەربردن و پەروەردە و گۆڕینی سیستمی خاک بە مێشکیانە گوزەر ناکات.
هەڵبەتە لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای وەبەرهێنان لە نەوت و داهاتی گومرگ ئێستا بیناسازی بە پلەی باڵادا دێت بۆ دەستکەوتنی سەرمایە. زۆرینەی ئەم بیناسازییانەی هەرێم لە ناو سێکتەر و کەرتی گشتیدا گشتیدا ڕوودەدات و داهاتەکەی لە رووکاردا دابەشدەکرێت بەسەر چەند وەبەرهێنەرێک و پشکی شێری بۆ دەستەلادارانە. دەستبردن بۆ سێکتەری گشتی و لە پێناو بەرژەوەندی چەند کەس و چەند پارتێکیی دەستەڵاتدار واتە بەتاڵانبردنی سێکتەرو موڵکی گشتی.
ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەخەن لە ساڵی ٢٠٠٦وە تا ئەم ساڵ، نزیکەی ٢١٤ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دروستکراون، کە زیاتر لە ١٠٥ هەزار ئاپارتمانەوە و زیاتر لە ٩٢ هەزار خانوو و نزیکەی ١٧ هەزار ڤێلا دروستکراون.
لەشاری سلێمانیدا ٢٢٢ هەزار یەکەی نیشتەجێمان هەیە بەخانوو ئاپارتمانەوە ، جگە لە باخ و ئەو ڤێلایانەی کەلە ناوچەکەدا هەڵتۆقیوون، مۆڵەت و پلانی دروستکردنی ٤٧ هەزار یەکەی نیشتەجبوونی تریان لە کاربەرێوەبەرانی سلێمانی و حکومەتی هەرێمەوە وەرگرتووە بۆ ئەم ساڵ و ساڵی ئایندە.
لە شاری هەولێردا، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ١٣١ پرۆژەی نیشتەجێبوون دروستکراون کە ١٢٨ هەزار و ٥٤٢ ئاپارتمان و خانوون و ڤێلان. ئەوەی داتاکان دەریدەخەن تەواوبوونی زیاتر لە ٥٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە لە هەولێر لە ماوەی ئەمساڵدا.
ئەم پرۆسەی فراوانبوونە زۆر لەخۆڕا و رەمەکیانە دروست بووە هیچ بنەمایەکی گەشەسەندنی تیابەدی ناکرێت، بۆیە هەموو ئەم گۆڕانکارییانە ناکرێت ناوزەند بکرێت بە گەشەسەندن. چونکە گەشەسەندنی شار پرۆسەیەکی فرەلایەن و گشتگیرە لە هەموو ڕوویەکەوە.
هەمیشە لە گەشەی شاردا وابەستەگیەکی ڕوون هەیە بە چەند پرسێکی گەورەی خزمەتگوزاری سەرەکی وپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دیموکراسی و ژینگەییەوە. گەر سەرنج بخەنە سەر پێگەی ژینگە لە گەشەی شاردا و کاریگەرییەکانی گۆڕانی ژینگەش بەرجەستە بکەن لەم فراوانبوونەدا، ئەوا دەبێت پایەکانی گەشەی ژینگەیی لەشاردا لەبەرچاو بگیرێت کە بریتین لە: ئاو، خاشاک، ووزە، ئیکۆلۆژی، هەوا، دارشتنی کۆمەلایەتی.
ئاو: رۆژ بەرۆژ شارەکانی هەرێم تینووتر دەبن، مرۆڤەکان رۆژانە دەرژێنە سەر شەقامەکان لە هەولێر و سلێمانی و گەرمیان داوای ئاوی رۆژانە دەکەن. سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی کەم دەبنەوە و ژەهراوی دەبن، بیناسازی پەل دەهاوێژێت و خەلک لە تینوتیدا ووشک دەبنەوە و ئەپرسن :ئەی چارەسەر؟
خاشاک: رۆژانە ٨ هەزار تۆن لەخاشاک ...خاشاک تا بینەقاقای شارەکان گەشتووە و مرۆڤەکان لەناو خاشاکی کانی قرژاڵە و تانجەرۆدا زبڵدانەکانی تردا دەخەون، ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی خاشاکەوە تەشەنەی سەندووە لە خۆراک و ئاو هەوای شارەکانی هەرێمدا وەک پێخەف ئاڵاوەتە باڵامان. کەچی دەستەڵات و وەبەرهێنەرەکانیان ئاپارتمان لە دوای ئاپارتمان لە ناو زبڵدانەکاندا ریز دەکەن، ئەی ئەم هەموو نەخۆشیانە لە پای چی؟
ووزە: زیاتر لە ٣٠ ساڵە تاکی ئەم هەرێمە هەمیشە خەون بە گەرمایی , فێنکی ، ڕووناکی ,هاتوجۆ ,ووزەی کارەباوە دەبینن. نادادپەروەری وایکردووە ئەم ووزانە لە بیناسازیدا تەرخانبکرێت، ئەوەی بۆ تاک خەونە بۆ وەبەرهێنەرو دەستەڵات مافی ئاسایی خۆیانە. ئەی چارەسەر؟
ئیکۆلۆژیا: چاوی سەرمایە سەوزایی و ئاژەڵ و بوونەوەرە هەمەجۆرەکان نابینێت، شاخ و دەشت وسەرچاوەی ئاو و زەوی کشتوکاڵ تەنها ئاڕاستەی دروستکردنی سەرمایەیە. گۆیژە تەخت بێت بە ئەو چی، دەشتە کشتوکاڵییەکانی هەولێرو شاخەکانی ناوچەی دهۆک بگوڕن بۆ بیناسازی بە ئەو چی، سەرچاوە گەشتوگوزارییەکان وئاوییەکان داگیر بکەن بە ئەو چی، سروشت تەلبەند بکەن بە ئەو چی، زیندەورو باڵندە ڕەو بکەن و لەناوچن بە ئەو چی.
هەوا: پانتایی و ئاسمانی ناوچەکە بۆتە قەتماغەیەک لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازە ژەهراوییەکان بەهۆی پیشەسازی وتەلارسازییەکانەوە. مرۆڤە هەزارەکانی ئەم ناوچەیە تەنانەت لە نەخۆشخانەکاندا و لەکاتی نەخۆشییە سەختەکانیشدا ناتوانێت هەوایەکی پاکژ هەلمژێت. مرۆڤ بەهۆی نەخۆشییەکانەوە وەک گەڵای پایزەی دارەکان هەڵدەوەرن. کێ بەرپرسیارە؟

دارشتنی کۆمەلایەتی: ئەم دیزاینەی بیناسازییەی لە هەرێمدا روودەدات،پەیوەندییەکان سەر لە نوێ دادەرێژێتەوە،پەیوەندیی مرۆڤەکان بەرەو هێڵی ستوونی دەبات، کەشخەکان لە نەدەارەکان جیادەکاتەوە و پێشبڕکێ کۆمەڵایەتی قورستر دەکات لەسەر تاکەکان. ئەم گۆڕانانە لە پێناو کێدا؟

دەرهاویشتەکانی ئەم فراوانبوونە وادەکەن کە شارەکان جگە لە باڵەخانەی کۆنکریتی هەرێمێکی پڕ لە ئێسکەپەیکەرمان بۆ بمێنێتەوە شارەکانیش ببنە شاری تارمایی